
فوئاد مەجید میسری

بیری ئوسوولّیی ئیسلامیی

خوێندنەوەیەکی سوسیۆلۆژی رەخنەیی



41550

بەیارمەتی وەزارەتی پۆشنبیریی لەچاپدراوە

سلێمانی

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

- **کتێب:** (بیری ئوسوولّیی ئیسلامیی)
- **نوسەر:** (فوئاد مەجید میسری)
- **کۆمپیوتەر:** میوان محەمەد ئەمین
- **بەرگ:** قادر میرخان
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** شڤان
- **چاپی یەکەم:** ٢٠٠٣ ز – سلێمانی
- **ژمارەی سپاردن:** (٢٦٣) ی سالّی ٢٠٠٣ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی دراوەتێ.

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردووەوە، ئوسوولییەتی ئیسلامیی جارێکی تر لەشێوەی رەوتێکدا بەناوی رابوونی ئیسلام (الصحوة الاسلامية)ەوە بەچەند حزب‌و گرووپی جیاجیاوە سەریهەڵداوەتەوە و بەنیازە لەسەر ئاستی سیاسی – کۆمەڵایەتی بوونی خۆی بسەپێنێ. دەیەوێ وەك بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری نەك هەر خۆی بەسەر کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا بسەپێنێ بەڵکو پەل دەهاوێ بۆ کۆمەڵگا غەیرە موسڵمانەکان‌و ئەوانیشی کردۆتە نیشانە رووداوەکانی ١١ی سەپتەمبەری ٢٠٠١ و چەند شوێنی تری جیهان بەڵگەی ئەم حەقیقەتەن.

ئەم رەوتە کە تیوریستەکانی ناوی (رابوون)یان لێناوە، بۆئەوەیە بڵێن: کۆمەڵگای ئیسلام خەریکە بەرەو واقیعێکی تر هەنگاوبنێ. واقیعێك دەیەوێ بەها و نەریتە ئاینییەکان سەرلەنوێ لەهزر و دەروونی ئەم کۆمەڵگایانەدا زیندووبکاتەوە. بەم مانایە، رابوون واتە: دابڕان لەشێوە ژیانێك و هێنانەدی شێوەژیانێکی تر. دیارە ئوسوولییەت بەو قەوارەیەی کە حاڵی حازر لەسەر زەمینەی واقیع هەیەتی، ناتوانێ کۆنترۆڵی هەموو بوارەکانی ژیانی موسڵمانان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکا بەگشتیی. لەبەرئەوە، وەك (سەید قوتب) دەڵێ: هێشتا لەسنورێکی دیاریکراودایە. مەبەستی جەماعەتی موسڵمانانیش کە بە (التکفیر و الهجرة) ناسراوە. پێیوایە: رابوون یانی دابڕانی راستەقینەی موسڵمانان لەکۆمەڵگا. هەرچی تیوریستێکی تری ئەم رەوتەیە، رای وایە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە قسە لە رابوونی ئیسلامی بکرێ. (چۆن دەتوانین باس لە رابوونی ئیسلامی بکەین لەکاتێکدا نەمانتوانیوە هەڵوێستێکی پۆزەتیف لە شۆڕشی ئەفغانستان دیاری بکەین. تا ئێستا لەوە بێتواناترین خۆمان لەئاسەواری رووداوێك رزگاربکەین کە لەسەرەتای ئیسلامەوە مەزنترین یاوەرانی پەیامبەری تێوەگلا.؟ چۆن دەبێ قسە لە رابوون بکەین‌و جیهانی ئیسلام

(بەك)

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بەوجۆرە لێکدابڕاوە کە دەیبینین)[*] بەرای ئەم تیوریستە، کاتێک رابوونی ئیسلامی دەبێتە حەقیقەت کە:

١) تیوریستەکانی جیهانی ئیسلام یەک بنەمای تیوری پەیڕەوبکەن.

٢) کەشوهەوایەک بخولقێ، هەستو سۆزی تێکڕای موسڵمانانی دونیا ببێتەیەک.

٣) بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری تەواوی وزە و ئیمکانیاتی نەتەوەی ئیسلام یەک بخا.[**]

پوختەی رای ناوبراو ئەوەیە: کاتێک دەستەواژەی رابوون دروستە کە ئاین بووە واقیعی ژیان و واقیعیش بووە ئاینی.

تیوریستەکانی ئەم رەوتە بۆخۆیان باش دەزانن کە زاراوەی ئوسوولیی زاراوەیەکی رۆژئاواییە، کەچی پەسەندیشی دەکەن.! بۆچی.؟! چونکە بەکەسێک دەگوترێ ئوسوولیی کە بتوانێ لەسەر بنەمایەکی تیوری حوکمەکانی باوەڕ بەرجەستە بکا. تەنانەت مەسەلەکە واوەتریش دەبەنو دەڵێن: ئوسوولیی ئەو کەسەیە لە حەقیقەتی باوەڕ و شەریعەت (العقیدة والشریعة) تێگەیشتبێ و کاری بۆ بکا. مەبەستیشیان لەم تاریفە ئەوەیە بیکەنە زاراوەیەکی جێگیر لەبەرامبەر عەلمانییەتدا کە حەقیقەت بەبەرهەمی عەقڵانییەت دەزانێ.

ئەم رەوتانە کە زاراوەی ئوسوولیی پەسەند دەکەن، بۆئەوەیە لەخەڵکی بگەیەنن کە هەر ئەوان دەتوانن پارێزگاریی لەئاینی ئیسلام بکەنو کۆمەڵگایش بگێڕنەوە بۆ سەردەمەکانی پێشوو.!! جا ئەگەر ئامانج لەم رەوتە ژیاندنەوەی باوەڕ و پەیڕەوکردنی شەریعەتە، هۆی چییە لە چەند حزبو رێکخراو و دەستەو تاقمی جیاجیادا خۆیدەنوێنێ لەکاتێکدا باوەڕ یەک باوەڕ و شەریعەت یەک شەریعەتە.؟!!

دیارە ئەم پێشەکییە کورتە دەرەتانی ئەوەی نییە گوتاری هەریەک لەو رەوتانە بەجیا شیتەڵ بکاتەوە، خودی کتێبەکەیش باس لە رەگو ریشەی فیکریی ئەو رەوتە دەکا لەسەرەتاوە تا ئێستا و تێیدا هەوڵدراوە رۆشنایی بخاتە سەر گوتاری دیارترین ئەو رێکخراوانەی خۆیان بە پێشەنگی رەوتەکە دەزانن و دایکی شەرعیی ئەوانیترن.

---

* الدکتور شکری فیصل. الصحوة الاسلامیة بین الواقع والطموح ل ٣١٤.

** هەر ئەو سەرچاوە و لاپەڕەیە.

(دوو)

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ئوسوولییەتی ئیسلامیی کە لەناوخۆیدا چەند لۆوپۆزی لێبووەتەوە و هەریەکەیان بەناوێکەوە خۆی پێناسە دەکا، لەسەر ئاستی پراکتیکیش جیاوازییان هەیە. زۆربەی ئەوانەی بانگەشە بۆ رووبەڕووبونەوە دەکەن، بە(جیهادی) ناوزەدکراون و خۆیشیان هەر ئەو نازناوەیان لاپەسەندە. ئەوانی دیکەیش کە بایەخی زیاتر بەکاری سیاسیو رێکخراوەیی دەدەنو باوەڕیان بەگۆڕانی لەسەرخۆ هەیە و ناوی جۆربەجۆر لەخۆیان دەنێن، گەرەکیانە بەمیانەڕەو خۆیان پێناسە بکەن. ج جیهادییەکانو چ ئەوانەی دوایی، پشت بەیەک بنەمای فیکریی دەبەستنو ئامانجیشیان یەکە. ناکۆکیو جیاوازیی نێوانیان لەسەر یەک مەسەلەیە: ئەویش چۆنیەتی وەرگرتنی دەسەلاتە. هەمووان دەیانەوێ رابووردوویەکی بەسەرچوو بژیەننەوە و کۆمەڵگایەکی لەشێوەی کۆمەڵگای ئیسلامی سەرەتایی بنیات بنێنەوە. مەبەستی ئوسوولییەت لە ژیاندنەوەی کۆن ئەوە نییە، وەک ئەوروپاییەکان رێنیسانس لەجیهانی ئیسلامدا بەرپابکا. رێنیسانسی ئەوروپایی بۆ بەگژاچوونەوەی بیروڕای کڵێسا، پەنای‌بردەوە بەر کلتوری کلاسیکی ئەوروپا. فیکر و فەلسەفەی ئەوروپای بەر لە سەدەکانی ناوەڕاستی ژیاندەوە و عەقڵی ئادەمیزادی لەکۆتو پێوەندی لاهوتی کڵێسا رەهاکرد. دژ بە خورافە و نەریتی کۆنو پەڕپوت وەستا و ریسوایکرد.

ژیاندنەوەی رابوردوو، لای ئەوروپاییەکان لەجەوهەردا ژیاندنەوەی میتۆدێکی فیکریی بوو، رێگای لەبەردەم شارستانیەتی ئەوروپادا خۆشکرد بەهەنگاوی گەورەگەورە بەرەوپێش بچێ. هەرچی ئوسوولییەتی ئیسلامییە لەسەر ئاستی مەعریفی، عەقڵانییەت لەبناغەوە رەتدەکاتەوە. بەژیاندنەوەی خورافە و بێئیرادەکردنی ئادەمیزادەوە ناوەستێ، دەیەوێ بەر بە پێشکەوتنیش بگرێ. دەیەوێ لەحاڵی حازردا کۆمەڵگایەک دروست بکاتەوە، وێنەیەکی کۆپیکراوی کۆمەڵگای سەرەتای ئیسلام بێ. تەنانەت ئەوەندەیش ئامادەگی تێدا نییە بەچاوی رەخنەوە ئاوڕ لە میژووی پازدە سەدەی رابوردوو بداتەوە و لایەنی کەم حەقیقەتە میژوویییەکان بسەلمێنێ. ! ئەو حەقیقەتانەی میژوونووسانی ئیسلام خۆیان نووسیویانەتەوە و پەردەیان لەسەر سەدانو بگرە هەزاران دیاردەی ناجۆر و دزێوی میژووەکە هەڵداوەتەوە و بوونەتە بەڵگە و دەلیل و کەس ناتوانێ نکوییان لێبکا. لەم سۆنگەیەوە مۆری تاوانو کوفر و ئیلحاد دەنێ بە تەختی تەوێڵی چەند بزووتنەوەی فیکریی‌و جەماوەرییەوە کە

(سێ)

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library